وەزارەتـی نــــاوخــۆ
ئـیدارەی گـــەرمیـان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
ژمارە : ٢٨٨٢
ڕێکەوت : ٢٥ / ٨ / ٢٠٢٢

---

## بانگهێشتی گشتی

## کەمکردنەوەی نهێنی/ژمارە(GP.١٧- ٢٠٢٢) تەندەری پرۆژەی

## ( نۆژەنکردنەوەی ئاوەڕۆی بەشێک لە گەڕەکی فەرمانبەران لە کەلار )

## کەمکردنەوەی نهێنی / بانگهێشتی کراوە

ئاگـــاداری ســـــەرجەم بەلێنـــــدەر و کۆمپانیاکـــــان دەکەیـــــنەوە کە تەنـــــدەر ی پـــــرۆژەی نـــــاوبراوی ســـــەرەوە هەیە , کە ئامادەکراوە لە لایەن (سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار) , لە سەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان/ئیدارەی گەرمیان ساڵی ٢٠٢٢ جێ بەجێ دەکرێت , هەرکەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی ب.ژمێریاری لە دیوانی ئیدارەکەمان بکات بەمەبەستی وەرگرتنی تەندەر. ماوەی جێ بەجێکردنی پرۆژەکە ( ٢٠٠ ) دوو سەد ڕۆژی تقویمی یە.

- ئەم کەمکردنەوە گشتی یە بەپێی ڕێنمایی جێ بەجێکردنی گرێبەستە حکومی یەکان ژمارە( ٢ ) ساڵی (٢٠١٦) جێ بەجێ دەکرێت کە کراوەیە بۆ هەموو پێشکەش کارانی تەندەر .
- وەرگرتنی تەندەر لە ڕۆژی (دوو شەممە ٢٩/ ٨ /٢٠٢٢ )ەوە دەست پێ دەکات تا ڕۆژی (پێنج شەممە ١٥ / ٩ / ٢٠٢٢) کاتژمێر ( ٩ ) ی سەر لە بەیانی تا ( ١١:٠٠ ) ی پێش نیوەڕۆ لە ئیدارەی گەرمیان بەرامبەر بە ( ٢٠٠،٠٠٠ ) دوو سەد هەزار دینار کە ناگەڕێتەوە بۆ خاوەنەکەی وە کرێی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کەم کردنەوەکەی بۆ دەردەچێت .
- دوا کاتی گەڕانەوەی تەندەر ڕۆژی ( یەک شەممە ١٨ / ٩ / ٢٠٢٢ ) کاتژمێر (١١:٣٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە ڕۆژی ئاشکرا کردنی تەندەر لە هەمان ڕۆژ کاتژمێر ( ١١:٣٠ )ی پێش نیوەڕۆ یە وە لە کاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ ڕۆژی دواتر.
- ئەکرێت پێش کڕینی تەندەر خوازیار بۆ بەشداری کردن سەیری بەڵگەنامەکانی تەندەر بکات.
- بەشداربوان بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەك لەسەر تەندەری پرۆژەکە دەتوانن سەردانی ئیدارەی گەرمیان / ب. گرێبەستەکان بکەن .
- مەرجەکان:

١- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کەبەشداری دەکەن پلەی پۆلێنکردنیان ( ٢ تا ٦) بێت وە پێناسی وەزارەتی پلان دانان و یەکێتی بەلێندەرانی کوردستان یان عێراقیان (ئەوانەی کە تۆمارن لە هەرێمی کوردستان ) هەبێت.

٢- بەلێنامەی نووسراوی لە ئەستۆگر ( التعهد الخطي الضامن ) بەپێی وێنەی هاوپێچ لە بەڵگەنامەکانی تەندەر دا هەیە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر پڕ کرابێتەوە لەلایەن پێشکەش کاری تەندەر وە مۆر وواژۆی لەسەر بێت و پەسەند کرابێت لەلایەن فەرمانگەی داد نووس یان ب.کاروباری یاسا لە دیوانی ئیدارەی گەرمیان

٣- ماوەی کار پێ کردنی تەندەرەکان ( مدة نفاذ العطاءات ) (٩٠) نەوەد ڕۆژە لە ڕۆژی کردنەوەی تەندەرەوە دەست پێ دەکات .

٤- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن پشتگیری بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان یان هەبێت کە هیچ کەم و کورتی یەکی یاساییان نیە .

٥- پێویستە ئەو کۆمپانیا و بەلێندەرانەی کە بەشداری دەکەن ئەستۆپاکی باجی دەرامەتی ساڵی (٢٠٢٢) یان هەبێت .

٦- فەرمانگەی گرێبەستکردن بۆی هەیە پرۆسەی تەندەرین پێش نووسراوی سپاردن بۆ بەرژەوەندی گشتی بە هۆکاری پێویست هەڵبووەشێنێتەوە .

٧- دەسەڵاتی گرێبەست پابەند نی یە بە قبوڵ کردنی کەمترین نرخی تەندەر.

**رامیار عبدالرحمن احمد**

**ج.سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان**

**/ ٨ / ٢٠٢٢**